# دکتۆر ڕەفیق سابیر له چاوپێکەوتنێکی تایبەتی هەڵگۆرد دا : بۆ بەریتانیا قەت ئەوە گرنگ نەبووە لەنێو سنوری وڵاتێکدا کلتورێك لەناودەبرێت، زمانێك دەکوژرێت، نەتەوەیەك دەچەوسێندرێتەوە

**بۆ له نزیکەوە ئاگاداربوون له سەرنج و تێبینی و تێڕوانینەکانی لەسەر چەندین پرسی جیاواز لەسەر ڕووداوە گەرمەکانی ئیمڕۆی هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە (هەفتەنامەی هەڵگۆرد) به سوپاسەوە دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ڕەفیق سابیر شاعیر و ڕووناکبیرو نوسەری گەورەی گەلەکەمان,سازکردوە. له چوارچێوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا چەندین بۆچونی گرنگ دەخاتەروو , دەرگای لەبەردەم چەندین ئەگەری گۆڕان له عیراق و تورکیا به کراوەیی هێشتۆتەوە...**

**پێویستە ئەوەش بڵێین که ئەم چاوپێکەوتنە (٢) دوو مانگ لەمەوبەر ساز دراوە و ئێستا زۆرێك لەتێڕوانین و بۆچونەکانی ماموستا ڕەفیق سابیر هاتونەتەجێ بەڵام لەبەر دواکەوتنی هەڵگۆرد نەتوانرا لەکاتی خۆی دابەزێت، داوای لێبوردن له ماموستا ڕەفیق سابیرو خوێنەرانی هەڵگۆرد دەکەین**

**■ سازدانی : خدر مستەفا**

**هەڵگۆرد: دکتۆر ڕەفیق سابیر کێیە؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** له ساڵی ١٩٥٠ له قەڵادزێ له دایك بووم، هەر لەوێش خوێندنی ئامادەییم تەواو کردووە، لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ له زانکۆی بەغدا, کۆلێژی ئاداب, بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی خوێندومە، ١٩٧٢-١٩٧٨ خەریکی کاری ڕۆژنامەنوسی بووم، دوای ئەوە سێ , چوار ساڵ پێشمەرگە بووم و له ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٧ له بولغارستان له بەشی فەلسەفە خوێندوومەو تێزی دکتۆرنامەکەشم لەسەر " ڕۆڵی کولتوور له پێگەیاندنی هەستی هۆشیاری نەتەوەیی کورد" بووە، له ساڵی ( ١٩٨٩)شەوە له سوید بووم لەوێ ماوەی (دە) ساڵ گۆڤاری (ڕابوون)مان دەردەکرد لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر، ئەوە ساڵ و نیوێکیش, بۆ دوو ساڵ دەچێت هاتوومەتەوە کوردستان, لێرە بەرپرسی " سەنتەری کوردۆلۆجی"م له سلێمانی.

**هەڵگۆرد: وەك ئاماژەتان پێدا تێزی دکتۆراکەتان لەسەر کولتوور بووە، له هەرێمی کوردستانیش هەندێکجار لەسەر زمانی زۆرێك له خەڵك و له دەسەڵاتیشی دەبیستین که گەنجی ئەمڕۆ هەستی نەتەوایەتی لاوازە، جەنابتان ئەم قسەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟, ئەگەر ڕاستە, چی بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەستی نەتەوایەتی که لەم قۆناغەو بۆ ئایندەش پێویستمانە جارێکی تر بکرێتەوەبەر جەستەی گەنجی وڵاتەکەمان.**

**د. ڕەفیق سابیر:** ئێمە ئیمڕۆ له سەردەمێکدا دەژین، له جیهانێکدا دەژین که زۆر جیاوازە له جیهانی پێش (دە) تا (پانزە) تا (بیست)ساڵ، لەبەر ئەوە ناکرێت ئێمە به چاوی پانزە یان بیست ساڵ پێش ئێستا سەیری گەنجی ئێستا بکەین، ئیمڕۆ دیاردەی جیهانگیری وایکردووە که هەموو دونیا و هەموو کۆمەڵەکان و هەموو وڵاتان به شێوەیەك له شێوەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە، ئاگاداری ژیانی یەکتری بن و گەنجانی ئەمڕۆی کوردستانیش وەکو گەنجانی پێش پانزە یان بیست ساڵ نین که له دونیا دابڕابن، لەبەر ئەوە ئەوان دەزانن له دونیا گەنجان چۆن دەژین و ژیان چۆنە، بەچیەوە خەریکن، خواست و ئاواتیان چۆنە، شتێکی سەیر نییە که گەنجانی ئێمەش لەم ڕووەوە ئاوات بخوازن که ئەوانیش به شێوەیەك له شێوەکان برێك لەو پێداویستیانەیان بۆ دابین بکرێت که گەنجانی وڵاتانی تر یان زۆربەی وڵاتان بۆیان دابین کراوە، لەم ڕووەوە ئێمە دەبێت تێگەیشتنێکی فراوانترمان بۆ مەسەلەی گەنجان هەبێتو تا ڕاددەیەکی زۆر هەندێ دیاردە کەلە نێو گەنجان دەردەکەوێت نەمان ترسێنێ، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا حەقە ئێمە له خۆمان بپرسین ئایا ئێمە چیمان بۆ گەنجان کردووە، وەکو کۆمەڵی کوردەواری، وەکو دەسەڵات، وەکو ڕووناکبیران، به بۆچوونی من ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە که پێویستە گەنجان پێش هەموو شتێك خۆیان, ئاستی هۆشیاریان له ئاستێکدابێت که خۆیان بزانن چیان دەوێت، بەگشتی ئەوان دەبێت بەرنامەیەکی خۆیان هەبێت بۆ ژیان، بۆ کارو داهاتووی خۆیان، ئەوەی که منیش هەستم پێکردووە زۆربەی ئەو بێزاری و ناڕەزایی و هەستی با بڵێین " لا مبالاتی" که بڵاوبۆتەوە زیاتر لای ئەو گەنجانەیە که زۆر بەداخەوە لەبەر هەر زروفێك بێت نەیانتوانیوە لەچاو تەمەنی خۆیاندا ئەو سەرکەوتنەی پێویستە له ژیانی کەسیاندا به دەست بهێنن، بەڵام ئەو گەنجانەی که توانیویانە خوێندنێکی باش تەواو بکەن یان زمانێکی ئینگلیزی فێر بن، یان له بواری کۆمپیوتەر و تەکنلۆژیادا توانیویانە خۆیان پێش بخەن, ئەوانە به بۆچوونی من کەمتر گرفتیان هەیە، ئەوەی که دەمێنێتەوە ئەوەیە که بارودۆخی جیهان ئیمڕۆ له چاو دە پانزە ساڵی ڕابردوو جیاوازە، له هەمان کاتیشدا بارودۆخی نێوخۆی کوردستانیش ئیمڕۆ ناتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ دە ساڵ یان بیست ساڵ پێش ئێستا، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای کوردستان بارودۆخێکە بەرەو ئارامی و گەشەکردنی ئابووری دەڕوات، بارودۆخێك که هەر مرۆڤێك بتەوێت یان نەتەوێت کۆمەڵێك پێداویستی ژیانی خۆی پێویستە که دەیەوێت یان هەوڵدەدات بۆی دابین بکرێت، مەبەستم ئەوەیە که له بارودۆخێکی نائاسایی که بارودۆخی شەڕ, بارودۆخی داگیرکردن و ژێردەستەیی هەمیشە ئینسان کەمتر بیر له بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکاتەوە، ئێمە که گەنج بووین، لای ئێمە خەبات بۆ ئازادی وڵات , خەبات له دژی دەسەڵاتی بەعس هەموو شتێك بوو، ئێمە کەم و زۆر بیرمان له هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆمان نەدەکردەوە، کارمان به جێ دەهێشت، خوێندنمان به جێ دەهێشت بۆ پێشمەرگایەتی، کەس و کارمان به جێ دەهێشت، ژن و منداڵمان به جێ دەهێشت و ڕوومان دەکردە شاخ و زۆر ئاسان بوو که بەعس بێت و کەسوکارمان بگرێت و ڕەوانەی خوارووی عێڕاقیان بکات، بەڵام مۆرڤ لەو شەرایتەدا شوێنێکی نەبوو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی که کاری بۆ بکات، بەڵام له دۆخی ئاسایی وەکو ئەمڕۆدا زۆر ئاساییە که ئینسان ئەوەندەی بیر له بەرژەوەندی وڵات دەکاتەوە هێندەش بیر له بەرژوەندی خۆی دەکاتەوە، ئەوەی که جێگەی داخە ئیمڕۆ بەگشتی له کوردستان لەسەر ئاستی حکومەت، لەسەر ئاستی حیزبەکان ئەوەیە هەموو کەسێك دەیەوێت بەرژەوەندی خۆی، بەرژەوەندی بنەماڵەکەی بەرژەوەندی کەسو کارەکەی بخاتە سەروو بەرژوەندی کۆمەڵ و میللەتەوە، ئەمە به دڵنیاییەوە لەسەر ئاستی سایکۆلۆجی، لەسەر ئاستی پەروەردەیی کاردانەویەکی خراپی دەبێت بۆ سەر گەنجان، لەبەر ئەوە به بۆچوونی من یەکەم: پێویستە گەنجان بۆخۆیان پڕۆژەیەکیان هەبێت، هوشیارانە ئامانجێك بۆ ژیانی خۆیان بۆ داهاتوی خۆیان دیاری بکەن، له ئاستێکی تریشدا پێویست دەسەڵات بەگشتی یان حکومەت بەرنامەیەکی ڕێك و پێکی هەبێت بۆ هوشیارکردنەوەی گەنجان له لایەك، له هەمان کاتیشدا بۆ بەشداری پێکردنی گەنجان له ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی کۆمەڵی کوردستان.

**هەڵگۆرد: لەو مانگەدا (مانگی هەشت) دوو ڕێککەوتنی گرنگ له عێڕاق بوون، یەکێکیان ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژیە که له نێوان (یەکێتی نشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) ئیمزا کرا ، دووەمیشیان ڕێککەوتنە چوار قۆڵیەکەی بەغدا له نێوان (کورد و شیعە) ئیمزا کرا. ئەم ڕێککەوتنە چوار قۆڵیە به بڕوای جەنابتان کاریگەری چەند ئەبێت لەسەر دەربازکردنی عێڕاق لەو قەیرانەی که ئێستا تێی کەوتووە؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** سەبارەت به ڕێککەوتنی یەکەمیان، واتا ڕێککەوتنی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) دیارە له چوارچێوە گشتیەکەیدا کارێکی باش و گرنگە، بەو ئەندازەیەی که کورد چ وەکو هێزی سیاسی چ وەکو دیسکۆرس یان خیتابی سیاسی یەکگرتوو بێت، به بۆچوونی من به هەمان ئەندازە دەتوانێت شوێنی سیاسی ئەو له بەغدا بەهێزتر بێتو ڕۆڵیشی له ناو ژیانی سیاسی له عێڕاقدا فراوانتر, یا گەورەتر دەبێت، بەڵام سەبارەت به ڕێککەوتنە چوار قۆڵیەکە, به بۆچوونی من لایەنێکی زۆر باشی تێدایە، ئەویش ئەوەیە, ئێمە له عێڕاقدا ئەگەر بمانەوێت ڕۆڵێکی گرنگی سیاسیمان هەبێت ناتوانین به دوور بوون له هێزە سیاسیە شیعەکانی عێڕاق ئەو ڕۆڵە ببینین، به لای کەمەوە له قۆناغی ئێستادا زۆر شتی هاوبەش له نێوان ئێمە و ئەواندا هەیە، بۆ ئێمە وەکو نەتەوەیەك گرفتی ئێمە گرفتی خاك و پێناسەی نەتەوەیی و زمانە، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە ڕەنگە لەناو شیعەی سیاسیدا ئەو ڕێبازو کەسایەتیانە بدۆزینەوە که بتوانین لەسەر ئەو مەسەلانە دیالۆگیان لەگەڵدا بکەین و به نەتیجەیەك بگەین، لەبەر ئەوەی هەستی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەڕەبی لەناو ئەواندا لاوازترە، له هەمان کاتیشدا هەندێ لەو گرفتانەی که ئێمە هەمانە بەتایبەتی سەبارەت بەو ناوچانەی که له کوردستان دابڕاون و خراونەتە سەر پارێزگای تر، ئەوانیش هەمان کێشەیان هەیەو وەشێوەیەك لەهاوچارەنوسی چ لەڕابردوو چ له ئێستاو داهاتوودا لەنێوان ئێمەو ئەندا هەیە، بەوپێیەی ئێمە هەردوولامان ساڵانێکی زۆر تووشی کوشتن و وێرانکردنی ناوچەکانمان بووین، لەهەمان کاتیشدا هەردوولا لەلای جیهانی عەرەبی و وڵاتانی عەرەبی بەگشتی خۆشەویست نین و بەسەرچاوەی مەترسی دادەندرێین بۆ ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب، لەبەر ئەوە تائێرە ئەم ڕێککەوتنە شتێکی گرنگە، پێموایە بۆداهاتووش گرنگ دەبێت، بەڵام لایەنێکی لاوازی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کەنەتواندرا بەشێك یان چەند هێزێکی سوننی ڕابکێشرێتە ناووەوەی ئەم هاوپەیمانیەتیە، ئایا دۆخی سیاسی ئەوەی دەخواست که پەلە لەم ڕێککەوتنە بکرێت بۆ ڕاگرتن و پاراستنی حکومەتی (مالیکی), یان بۆخۆی ئەسڵەن پەلە کراوە لەڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانیەتیە. ئەوەی که باشیشە ئێستا هەوڵێکی جددی دەدرێت بۆ ئەوەی حزبی ئیسلامی عێڕاقی بهێندرێتە ناو ئەو هاوپەیمانیەتیەوە، بەبۆچوونی من ئەگەر بتواندرێت ئەوان قەناعەتیان پێ بهێنن و لایەنی شیعەی سیاسی هەندێ تەنازول بۆئەوان بکەن، یان هەندێ دەستکەوت بدەن بەئەوان، لەم حاڵەتەدا ئەم ڕێککەوتنە زۆر گرنگتر دەبێتو ڕەنگە ڕۆڵێکی زۆر، یان کاریگەریەکی زۆر زیاتری هەبێت بۆ بەرەو پێشبردنی دۆخی سیاسی له عیراق و چارەسەرکردنی هەندێ لەو گرفتانە، هەرچەندە بەگشتیش قەیرانی عێڕاق وردە وردە بەرەو بنبەست دەچێت، له ئەنجامدا به بۆچوونی من عێڕاق هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان نابێتەوە ئەو وڵاتەی که ئێمە پێشتر بینیومانە، بەلای زۆریشەوە ڕەنگە چارەسەرێك بۆ ئەو تراژیدیاو کارەساتەی که هەیە ئەوە بێت که عێڕاق به شێوەیەك له شێوەکان دابەشبکرێت یان بەسێ وڵاتی سەربەخۆ، یان سێ وڵاتی کۆنفیدڕاڵی، که لەسایەی چەترێکی گەورەدا کەناوی (عێڕاق)بێت یەکبگرن‌و لەهەمانکاتیشدا هەرگەلێك چ گەلی کورد، چ گەلی عەرەبی سوننە، چ گەلی عەرەبی شیعە، بتوانن له ناوچەکانی خۆیان بەوشێوەیە بژین که خۆیان دەیانەوێتو بۆخۆیان باشە.

**هەڵگۆرد: هاوپەیمانان له عێڕاق ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا له ڕووخانی سەددام و ڕژێمەکەیدا، ئێستاش لەبنیات نانەوەی عێڕاقدا ڕۆڵی گەورە دەبینن، بەڕای جەنابتان دۆستایەتی هاوپەیمانان به تایبەت حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ کورد، هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە هەیە که بەریتانیا نیازی بێت بەشێك لەو غەدرەی که له ڕابردوو له گەلی کوردی کردووە، قەرەبوو بکاتەوە؟**

**د. ڕەفیق سابیر:** نا... به بۆچوونی من هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە، ئەوەندەی من لەسیاسەتی بەریتانیا گەیشتبم تا ئێستا سیاسەتی بەریتانیا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەتایبەتی لەبەرامبەر مەسەلەی کەمە نەتەوەیی و ئەو نەتەوانەی کەلەناو سنوری دەوڵەتێکدا دەژین، یان ژێردەستەی نەتەوەیەکی سەردەستن، سیاسەتی بەریتانیا لەو ڕووەوە, دەتوانم بڵێم هەمان سیاسەتی ساڵی( ١٩٢٠), پەیڕەوی کردووە، بۆ بەریتانیا قەت ئەوە گرنگ نەبووە لەنێو سنوری وڵاتێکدا کلتورێك لەناودەبرێت، زمانێك دەکوژرێت، نەتەوەیەك دەچەوسێندرێتەوە، ئەوەی کەبەلایەوە گرنگ بووە له ناو چوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا دەوڵەت بتوانێت کۆنترۆڵی سنورەکانی خۆی بکات و پەیوەندیەکی ئاسایی لەگەڵ بەریتانیادا هەبێت، چونکە ئەم سیاسەتەی بەریتانیا بەرامبەر به نەتەوەی ژێردەستو کەمەنەتەوەیی لەلایەکەوە پەیوەندی بەڕابردووی کۆلۆنیاڵی بەریتانیاوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا خۆی تاکو ئێستا بەشێکی له (ئایرلاند)ی داگیرکردووە، لەنێو خودی بەریتانیادا ئیمڕۆ کێشەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی زەق دەرکەوتووە، ئێستا سکۆتلەندیەکان بزافێکی نەتەوەیی بەهێز لەنێویاندا هەیەو دەیانەوێت له بەریتانیا جیاببنەوە، لەبەرئەوە سیاسەتی بەریتانیا لەمبارەیەوە ڕوونەو تا ئەوجێیەی پێی بکرێ بەبۆچوونی من پشتگیری ئەوە ناکات، ڕەنگە پێش بەوەش بگرێ که کورد بەرەو ئەوە بڕوات قەوارەیەکی سیاسی پێکبهێنێت، بەڵام حەقیقەتێك هەیە, ئەویش ئەوەیە بەریتانیەکان که لەگەڵ ئەمەریکیەکان هاتوونەتە عێڕاق ئەوان لەم وڵاتەدا له کورد بەولاوە دۆستێکی دیکەیان نییە، لەبەر ئەوە مەسەلەی بەرژەوەندی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش ئەم دۆخەی دروستکردووە، نەك گۆڕانێك که بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا هاتبێت.

